# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

(بەشی دەهەم)



نوسینی: کری ڤۆلف

وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی

ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی

## خاوەن کۆیلەکان چوونەسەر بۆچوون و دیانەتی مەسیحییەت

مەسیحییەت خۆی کێشایە ناو چینە بالادەستەکان. توێژی بەڕێوەبەری کۆڕوکۆمەڵە مەسیحییەکان بەخێرایی دەوڵەمەند دەبوو. بەرە بەرە دیترا ئەوا دامودەزگایەکی گەورەوگران پێکەوەنراوە. دەزگای کلیسا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەستڕاگەیشتووتر، بەدەسەلاتتر و دەوڵەمەندتر دەبوو. ئەم دیانەتە لە ماوەی دووسەدەی بەراییدا کە سەرەتا دیانەتی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش بوو، گۆڕدرا بە ئاینێکی بالادەستی فەرمی و گوریسی بەڕێوەبردنەکەشی کەوتە دەست خاوەن کۆیلەکان. مەسیحییەت بوو بە قەلای گەورە و لەشکان نەهاتووی دەوڵەتی چینی چەوسێنەری کۆیلەدار و لەوە بەدواش دەبوو ببێتە پاڵپشتی فکری و بیروباوەڕیی دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان.

لەسەرەتای سەدەی چواری زایینییدا «قوستەنتینی یەکەم» ئیمپراتوری ڕوم لە نێو هەموو ئایینەکاندا پلەوپایەیەکی تایبەت و دیاری بە دیانەتی مەسیح بەخشی و بەرەبەرە پەتی دەسەلات و مافی تایبەتی جۆربەجۆری بۆ شل کرد و شوێن و پلەیەکی یەکجار مەزن و تاقانەشی بۆ ڕێکخست. ناوبراو بۆخۆی مەسیحی نەبوو، بەلام پربەپڕ پشتی ئەم دیانەتەی گرت و تەنانەت هێنایە ژێر بەڕێوەبەریی خۆشییەوە. ئەم ئیمپراتورە



بۆخۆی "شۆڕای کلیسا" لە «نیسە»ی بەڕێوە برد و بە فەرمانی ئەویش بوو کە نامیلکەی «ڕەمزی ئیمان Symbole de Lafoi» نووسرا و دانی پێدا هێنرا. کوڕەکەشی بە ناوی «کۆنستانتینی یەکەم» بەربەستی خستە سەر بەڕێوەبردنی بەئاشکرای ڕێوڕەسمی دیانەتەکانی بوت پەرستی و سزای مەرگیشی بۆ ئەو کەسانە دیاری کرد کە بە گوێی نەکەن.

جێیەتی باسی ئەوەش بکەین کە لە ناو ئینجیلەکاندا حوکم و قسەی جۆربەجۆری وا دەبینین کە ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر سەروەت و ژیانی پڕ لە هەڵڕێژ و پەڕێز و تەنانەت دەوڵەمەندان ڕادەسپێرن کە سەروەت و سامانەکانی خۆیان بەسەر هەژاراندا ببەشنەوە. دەوڵەمەندەکان چۆن دەیانتوانی مل بەم حوکمە بدەن؟ ئایا ئەوانە بەراستی سەروەت و سامانی خۆیان بەسەر هەژاراندا بەشیەوە؟

نا، قەت شتی وا نەبوو، هەروەك نمونەکەی «ئیلعازر»، کۆیلەدارەکان کە لە ناو دەریای خۆشی و دەوڵەتی زۆردا مەلەیان دەکرد قەت گوێیان بەو قسە و ئامۆژگارییانە نەبزووت، کە بانگهێشتیان دەکردن بۆ ئەوەی لە سامانەکانی خۆیان بەشی هەژاران بدەن. ئەوان ئینجیلەکانیان هەر بەو جۆرە لێکدەدایەوە و لێی تێدەگەیشتن کە کەڵکی خۆیانی پێوەبێ و پارسەنگی ئەوان ڕابگرێ. ئەگەر لە ئینجیلەکاندا وتراوە:«با قوڕ بەسەری دەوڵەمەندەکان بێ، جا دیانبینینەوە لەو دنیا چییان بەسەرا دێت» ئەمە تەنیا بۆ دڵدانەوە و داسەکاندنی هەژارانە و بۆ ئەوەیە کە ورەی شۆڕشگێڕانە لە دەروونیاندا بمرێنێ. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەش ئینجیل داوا لە هەژاران دەکات کە لە بەرامبەر چەوسێنەرەکانیاندا چۆك دابدەن. چەوسێنەران زۆر چاك ئاگایان لەم حوکمە نەخت و پوخت و ڕەپوراستە هەیە و زۆریان بە کەیفە و باش لێی تێدەگەن.

لەگەڵ ئەوانەشدا دەوڵەمەندەکان هەمیشە توانا و ئامادەیی ئەوەیان هەبوە دیاری و سەرقەڵەمانە پێشکەش بە ڕوحانییەکان بکەن، بچنە پەرستگە و شوێنە ئایینییەکان و ماڵی خوا، قوربانی بکەن، بپاڕێنەوە، نەزر بکەن، خەڵکی مەلا و ئاینیی بە کرێ بگرن تا بەرگرییان لێ بکەن، لەجیاتی ئەوان نوێژ و تەراوێحیان بۆ دابەستن، سایەقەسەری و

خێرات ببەشنەوە تا لەو دنیاش کاریان پێك بێ و شوێنێك لە بەهەشت بۆخۆیان بکڕن. زانایەکی دیکەی ئابوری لەم بابەتەوە دەنووسێ: «... ئایین دەرسی ئەو کەسانە دائەدات کە لە سەر سکی خەڵکانی دیکە دەژین، فێریان دەکات کە لە ژیانی دنیایی خۆیاندا خێرات بکەن و چاکەکار بن، تا لەم ڕێگایەوە بتوانن ژیانی چەوسێنەرانەی خۆیان بە پولێکی کەم پاقژ و حەڵاڵ بکەن. بەمجۆرە پسولەی چوونە بەهەشتی خوایان بە پارەیەکی کەم پێدەفرۆشن...»

دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم گەندە فێڵ و فریوکارییانە هەر لە ئاینی مەسیحیدا نیە. سەرلەبەری ئایین و دیانەتەکان لەسەر ئەو بنەڕەت و ئەخلاقە درۆزنانەیە و لەسەر ئەو فێڵ و فەرەج و بەرچاوکوێرکردنانە داڕێژراوە. تەنانەت ئەم بۆچوونانە لە بڕیاری فەلسەفی فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمیشدا دەبینرێ. «سینەكSeneque» فەیلەسوفێکی رومییە و مەسیحیش نەبوو، بەڵام ئەو فەلسەفەی کە بڵاوی دەکردەوە لە زۆر رووەوە لە بۆچوون و فێرکردەکانی ئینجیل دەچێ کە پاش ئەو سەریان دەرهێنا. زانایەك لەبارەی «سینەكSeneque»وە دەنووسێ:" ئەم کابرایە لەحالێکدا ژیانی «ئیلعازر» ناوێکی هەژار و بێ ئەنوا دەکاتە نمونە، کە خۆی لە راستیدا نمونەی سەروەتی بێ ئەژمار و زەرقوبەرقی بێ حیسابە". ئەم کابرایە سەروەت و سامانێکی زۆروزەبەند، کۆشك و قەڵا و زەوی و زاری بەرین و کۆیلەی زۆری لەبەردەستا بووە، هەموو تەمەنی خۆی لە ئاسایش و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییدا بەسەر بردووە. کەچی ئا بەم وەزعەوە دێتوو لە بەرهەمەکانیدا بەسەر شان و شکۆی هەژاری، دەس پێوەگرتن و خۆپارێزیدا هەڵدەڵێ.

ئاشکرایە کاتێ چەوسێنەران و دەوڵەمەندەکان نمونەی گەورە و دیاری ئاوا لە دوورویی و فریوکاری دەبینن، ئیتر چۆن ناچن بە بێ ترس و دڵەراوکێ فێرکردەکانی ئینجیل بە دڵ و بە گیان وەربگرن؟!.

ئینجیل بیری لێبوردەیی لە بەرامبەر سووکایەتی پێکردن و دەستدرێژی، کۆڵدان و سەرداخستن لە بەرامبەر دارکاری و زۆروێژی، هەروەها خۆشەویستی هاونەوع



بڵاودەکاتەوە. رەنگە بگوترێ ئەم فێرکردانە و بڵاوبوونەوەی لە ناو کۆمەڵگادا دەتوانێ شوێن لەسەر خوخدەی پێرەوەکان دابنێ هێمنیان بکاتەوە و ببێتە هۆی خاوبوونەوەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان، بەلام دەبینین هێچ ئاڵوگۆڕێکی باشتری پێک نەهێناوە. لە ناو ئیمپراتورە مەسیحییەکاندا کەسانێك هەبوون کە سەدقات لە ئیمپراتورە بوت پەرەستەکان ستەمکارتر و خوێنڕێژتر بوون. هەر ئەوەندە بەسە ناوی «تئۆدۆری مەزن» بەرین کە فەرمانی سەربڕینی پانزە هەزار کەس لە دانیشتوانی شاری «سالۆنیك»ی ـ بە تاوانی کوشتنی حاکمە خوێنڕێژەکەیان ـ دەرکرد. «ژان رابینسۆن» مێژوو نووسی ئینگلیسی دەنووسێ: « ... هیچ ئیمپراتۆرێکی بوت پەرست کاری وای نەکردووە، تەنانەت «نێرون» نەیدەتوانی ئەو هەموو مەسیحییە بکوژێ...»

بیروباوەڕی مەسیحییەت تەنانەت لەو سەردەمەدا، بەرگێڕەوەیەك نەبوو بۆ ئەوەی بەری سەربڕینی بە کۆمەڵی هەزران کەس لە شوێنێکدا بگرێ. «هاونەوعەکانتان خۆش بوێ، بەڵام ئەگەر پێویست بوو، بیکوژە»." بێ گومان تیودۆری ئیمپراتور ئاگای لەم فێرکردانەی ئینجیل هەبوە کە دەڵێ: « لەبەرامبەر خراپەدا سەر هەڵمەبڕە، لەبەرامبەر سووکایەتی و دەستدرێژیدا لێبوردەییت هەبێ، بە بەزەیی و دڵاوا بە، حوکم لەسەر کەس مەدە و تاوانباری مەکە» لەوانەیە زۆرجار خۆشی ئەم فێرکردانەی بۆ خەڵکانی دیکە وتبێتەوە، بەڵام هیچکام لەم فیرکردە ئاینییانە وای لێنەکردووە دەست لە ڕەشترین خوێنڕێژی هەڵبگرێ.

«سیریل» مەترانی گەورە کاتی خۆی فەرمانی دا کە ژنە زانایەکی یونانی بە ناوی «هیپاتی» بکوژرێت، پاشان ژمارەیەک قەشەی مەسیحی ئەو ژنە زانایەیان لە کۆڵانێکی شاری «ئەسکەندەریە» لەتوپەت کرد.

«والانتینین Valentinien» ئیمپراتۆریکی مەسیحی بوو، فەرمانی خواردن بە دەمی ورچی بۆ ئەو کەسانە دەردەکرد کە بۆخۆی بە تاوانباری دەناسین و سەیری دەکردن.

هەموو ئەم دڕندەیی و خوێنڕێژیانە بە دەستی مەسیحییەکانەوە بەڕێوە دەچوو. ئەو مەسیحییانەی کە قسە و فەرمانەکانی ئینجل لەمەڕ لێبوردەیی، خۆڕانەگری و خۆشەویستی هاونەوعەکانیان بڵاو دەکردەوە. ئەم قسانە هیچیان تێنەدەچوو، بۆیە بڵاویان دەکردەوە چونکا بە قازانجیان بوو، چونکا خزمەتی گەورەی پێدەکردن.

ڕەنجدەرانی ئیمپراتوری روم فێرکردەکانی ئینجیل لە بابەت خۆرانەگری و نەفس نزمییان لە مێشکی خۆیاندا جێکردبوەوە. ئەم فێرکردانە لە دوو لاوە شوێنی دادەنا، لە لایەک وەرەی شۆڕشگێڕانەی لە ناو جەماوەردا دەخنکاند و ئیرادە و ویستی خەباتکارانەی دەڕزاندن، لە لایەکی دیکەش یارمەتیدەری چەوسێنەران بوو، تا زیاتر بتوانن جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن.

ئەم بیروباوەڕ و روانینە ئینجیلییانە لەوە بەدواش و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر ئەم شوێنانەی داناوە و هەر ئەم دەورە نگریس و ڕەشەی گێڕاوە.

لەم نامیلکە کورتەدا زۆر لەسەر ئەو باسە دوورودرێژە ناچین. هەر تەنیا چەند ئاماژە و تێبینییەک لەم بابەتەوە دەخەینە بەرچاو.

کۆتایی بەشی دەهەم

درێژەی هەیە